شاخەوان شۆرش لەوەڵامی پرسیاری " دەنگەکان " دا

**دەنگەکان : پاش ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بەسەر مرۆڤایەتی هاتووە ، ئاسۆیەکی تر ، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە ؟؟**

**شاخەوان شۆرش : من پێم وانییە, مارکسیزم بتوانێ وەکو شێوەی سەرەتای پەیدابوون و پاشان گەشەسەندنی دەرکەوێتەوە. مارکسیزم دوای مارکس, وەکو مارکسیزم ناسرا و کاریگەری زۆری لەسەر بوارە ناکۆکئامێزەکانی کۆمەڵ کرد. بەڵام وەکو بینرا دوای هەڵکشانێکی بەرچاو لەنێوان ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و کۆتایی سەدەی بیستدا, تووشی نسکۆ و پاشەکشەهات. مارکسیزم کاریگەری خۆی لەسەر بوارە کۆمەڵایەتی, ئابوری و ڕامیاریەکانی مرۆڤایەتی کردووە و ئێستاش هەر ماویەتی, بەڵام دیارە تازەگەری زۆر لە بیرۆکەکە کراوە و هەوڵدراوە لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەمە جیاجیاکاندا بگونجێنرێت (وەکو ئەو هەوڵانەی ڕۆزا لوکسمبۆرگ, کۆرچ, گرامسی یا شارەزایانی خوێندگەی فرانکفۆرت لە دوای بیستەکاندا کردیان). دیارە دەکرێ مارکسیزم لە ناوچەیەکی بچوکی یا سوچێکی جیهان بەشێوە ڕادیکاڵەکەی سەر هەڵداتەوە, بەڵام گومان لەوەدا هەیە ئەوە بتوانێ سنور ببەزێنێ و بلاوبێتەوە. یا وابکات کاریگەری جارانی بگەڕێنێتەوە.**

**دەنگەکان : ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی ، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست ویەکدا بسەلمێنێ ؟**

**شاخەوان شۆرش : وەکو گوتم مارکسیزم زووتر نوێکاری تێداکرا, ئەوە بەتایبەتی لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەوروپا, بەڵام لە ڕۆژهەڵات تاڕادەیەکی زۆر دۆگمئامێزانە وەك خۆی مایەوە. دەریشکەوت ئەوانەی ڕۆژئاوا باشتر لە باری مارکسیزم و پێوستبوونی تازەگەری گەیشتبوون. هەوڵی ئەوانیش بوو وایکرد تا ڕۆژی ئەمرۆش کاریگەری خۆی لەسەر بیروبۆچوونەکان و ناکۆکیەکاندا هەبێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا مارکسیزم وەکو ئایدۆلۆژیا یا وەك چەمك هێندە گرنگی نەماوە, ئەوە وەك گەلێ ئایدۆلۆژیای دیکە. ئێستا زیاتر ئەو تیۆر و ڕێچکانەی لەوەوە سەرچاوەیان گرت, گرنگیان هەیە و لەبوارە جیاجیاکانی کۆمەڵدا خۆیان دەخەنەڕوو. بۆنمونە تیۆری ڕەخنەگرانە و دیسکۆرس کە شارەزای وەکو هابەماس لێیەوە بۆنمونە بەناوبانگە.**

**دەنگەکان : ئەوەی لە سۆڤیەت و وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات ڕوی دا ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بوو ، بەلام لە بەر هەر هۆیەک بووبێ لە باری مێژوویەوە تا ئەمرۆش ، ئەم هەرەسە**

شاخەوان شۆرش لەوەڵامی پرسیاری " دەنگەکان " دا

کراوەتە ئۆباڵێکی گەورە ، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا ، بەڕای ئێوە ئەمەی ڕووی دا ، هەرەسی چی بوو ؟

شاخەوان شۆرش : ئەوەی ڕوویدا گەلێ هۆی هەبوو, لێرەدا ناکرێت بەوردی لێیان بدوێین. بەکورتی: ڕژێمی دیکتاتۆری و میلیتاری, گەندەڵی و ساختەکاری, سەرنەکەوتنی ئابوری هاوبەش, گوشاری هێزە دەرەکیەکان, بوونی ئیلیمێنتی یۆتۆپیئامێزانە لە بیرۆکەی مارکسیزم و سۆسیالیزم دا هتد. واتە مارکسیزم و بیرۆکەی سۆسیالیستی زانستی لەم هەرەسە بە شێوەیەکی دیار بەرپرسیارن. بۆنمونە, چی وایکرد سەنترالیزم زاڵ بێت؟ چی وایکرد سیستەمی یەك پارت بسەپێندرێت؟ چی وایکرد پەیڕەوی ئابووری هاوبەش بکرێت و بسەپێندرێت؟ چی وایکرد دیکتاتۆریەتی پارتی کۆمۆنیست ڕەوا بکرێت؟ چی وایکرد خاوەنداریەتی تاك بە ئاگروئاسن و بە میتۆدی ناڕەوای دیکە لەناوببرێت؟

دەنگەکان : لەڕۆژگاری ئەمڕۆ دا ، ئێوە چۆن دەڕواننەچەمکەکانی : - دیکتاتۆری پرۆلیتارییا، کۆمۆنیزم ؟

شاخەوان شۆرش : دیکتاتۆری پرۆلیتاریا, هەڵەیەکی گەورەی مارکسیزمە. دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ڕەوایەتی دەداتە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. هەڵوەشاندنەوەی جودایی چینەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی بەربەریانەی نامرۆڤانە ڕەوا دەکات.

کۆمۆنیزم یەکێکە لە ئیلیمێنتە یۆتۆپی ئامێزەکانی مارکسیزم. ئەو کۆمەڵگەیەی کۆمۆنیزم داوای دەکات ڕیالیستانە نییە و پێم وانییە, ڕۆژێ لە ڕۆژان لە داهاتووی تەنانەت دووردا, کۆمەڵگەیەك دروست بێت کە تیایدا: هۆیەکانی بەرهەمهێنان هی هەمووان بێت و بەیەکسانی بەرهەم بەسەر هەموو لایەك دابەشکرێت. مرۆڤەکانی کۆمەڵ واز لە پێشبڕکێ و ئارەزووی تایبەتیان بێنن و بۆ گشت بژین. ستات بوونی نەمێنێت. پۆلیتیك بوونی نەمێنێت هتد. .

دەنگەکان : دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد لە رابردوو ئێستادا چۆن دەبینن ؟

شاخەوان شۆرش : لەڕابردوودا کورد بەشێوەیەکی کلاسیکیانەی یەکلایەنە بیرۆکەکەی بە نیوەچڵی وەرگت. کورد لە جودایی ناوچە, کات, تایبەتمەندی و هەلومەرجەکانی سەرهەڵدانی بیرۆکەکە ئاگادار نەبوو. توانای ئەوەی نەبوو بتوانێ لایەنی باش و خراپی ئەو بیرۆکەیە تاوتوێ بکات. شێوە دۆگمئامێزەکەی ڕۆژهەڵاتی بەرجەستەکرد (ئەو تێگەیشتنەی بۆنمونە لە سۆڤیەت, چین و ڕۆژهەڵاتی ئەورپا زاڵ بوو). مارکس خوا بوو, رەخنە بڤە بوو, مارکسیزم ئایدۆلۆژیای تاکو تەنهای ڕاست بوو!

من پێم وایە پێویستە چەپی کورد لەو شێوە ڕۆژهەڵاتی و دۆگمئامێزانەیەی مارکسیزم بەهەموو لایەنەکانیەوە دووربکەونەوە. باشتروایە سەیری چەپەکانی ڕۆژئاوا بکەن و سوود لەوان وەرگرن. هێندە خۆیان بە ئایدۆلۆژیاکە خەریك نەکەن ئەوەندەی پێویستە بیر لەوە بکەنەوە: چۆن دەکرێت یارمەتی

لاوازترین کەسانی کۆمەڵگە بدرێت؟ چۆن دەکرێت یەکسانی توخم بەدەست بهێندرێت؟ چۆن دەتوانرێت پارێزگاری ژینگە بکرێت؟ هتد. .

---

**تێبینی نووسەر :**

**وەرامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەروا ئاسان نییە زۆر زیاتریان دەوێ, بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کاتی زۆرم بەدەستەوە نییە, هەوڵ دەدەم بەکورتی شتێ بنووسم. هیوادارم ئەو چەند وشەیە بتوانن بەشێوەیەك لە شێوەکان ئاماژە بە جۆرە وەرامێك بکەن.**